# دونیایەك ڕۆشنبیری بێ ئیشو بێ دونیا بینی هەن، كە بوونەتە زوڕناژەنو دەهۆڵژەن بۆ حزبو دەسەڵاتو حكومەت



ئاسۆ جەبار ڕۆشنبیرو نووسەری كورد، لەو چاوپێكەوتنەی لەگەڵ گۆڤاری كوێستاندا تیشك دەخاتە سەر ئەو مێگەلە ڕۆشنبیریەی حزبەكان بەرهەمیان هێناوە، هەروەها وا باسی ڕێكخراوەكانی خوێندكاران و لاوان دەكات كە ناتوانن لەم وولاتەدا بە هەموویان شووقەیەك بۆ كوڕو كچێكی عاشق دابین بكەن، ئاماژەش بە هەژاری حزبو دەسەڵاتی كوردستان دەكاتو دەڵێت:" دەسەڵاتی حزب لەكوردستاندا سەربارەی ئەوەی لەڕووی مەعریفیو ڕۆشنبیریو شارستانییەوە لەجەهلێكی كوشندەدا دەژییو بێئەندازە هەژارە بە ڕوانینو دونیابینی مۆدێرن، بێئەندازە خاڵییە لەگۆڕانو پێشكەوتنو عەقڵیەتێكی نوێخوازیی فەرهەنگیو سیاسیو ئابوری."سەرباری قسەكردنی لەسەر پەیوەندی ڕۆشنبیرانو خوێندكارانو ئەو خەرەندەی نێوانیان، لەگەڵ ئاماژەدانی بەچەند پرسێكیتر .

**سازدانی : محەمەد گەلاڵەیی** **بەشی یەكەم**

**فەرهاد پیربال دەڵێت: "ڕۆشنبیرانی سەركاغەزو خوێندكارانی سەرشەقام" مەبەستی ئەوەیە كە ڕۆشنبیرانی كوردستانی باشوور، هێشتا هەر لەسەر كاغەز وجوودیان هەیە، ئایا تۆش ڕات وایە ڕۆشنبیران هەر لەسەر كاغەز وجودیان هەیە ، یان ئەكرێ بە شێوەیەكی گشتی ، خوێندنەوەیەكی خێرامان بۆ بكەی لەسەر كایەی فەرهەنگیو دیاریكردنی ئەركو ڕۆڵی ڕۆشنبیران تیایداو ، هەڵوەستەكردن لەسەر ئەو پانتاییانەی كەوا ڕۆشنبیرانی چەند كەرت كردووە، پەنجە بخەیتەسەر ئایندەبینی لای هەریەكێكیان كە بێشك جیاواز دەردەكەون؟**

**ئاسۆ جەبار:** لەڕاستیدا لەلای من ڕۆشنبیرانو نوسەران دابەشدەبن بەسەر زیاد لەپێكهاتەو شوناسێكدا، ڕۆشنبیرمان هەیە تاسەرئێسك حزبیو ئایدۆیۆلۆژیستە، دونیایەك ڕۆشنبیری بێئیشو بێ دونیابینی هەن كە بوونەتە زوڕناژەنو دەهۆڵژەن بۆ حزبو دەسەڵاتو حكومەت، هاوكات ئێمە خاوەنی چەندین حزبین لەكوردستاندا، هێندەش ڕۆشنبیرو هونەرمەندو نوسەرو ڕۆژنامەنووسی تایبەتمان هەیە كە بوونەتە معاشخۆرو چەواشەكارێكی گەورە بۆ وێرانكردنی كایەی ڕۆشنبیریو ئەدەبیو دەزگاییەكانی ئەم كۆمەڵگەیە.

لەدونیای داخراودا ڕۆشنبیرانو فەرهەنگییەكان دابەشدەبن بەسەر تاكە یەك خەیاڵو ڕاڤەكردندا، بەلاّم لەناوەوەڕا، دابەشدەبن بەسەر زیاد لەكایەیەكو پێكهاتەیەكی فەرهەنگیو سیاسیو ئابووری، بە واتایەك دابەشدەبن بەسەر حزبو پێكهاتەكانیدا، بەسەر ئایدۆلۆژیا جیاجیاو هاوشێوەكاندا، ئەوە بێجگە لەو ڕۆشنبیرە سوننەتیەی كە تاسەر ئێسك لە كەلاوە مەعریفییەكانی خۆیو ئەو پانتاییە داخراوەدا دەژی كە ناوی ئاینو ئایدۆلۆژیای سوننەتییە.

هاوكات تاكە یەك مەودای دیاریكراو كۆی ئەو ڕەهەندانە لە خۆی كۆدەكاتەوەو لەپێكهاتەیەكی نەریتیو ئەخلاقیدا، جێگیریان دەكات. لەو كۆمەڵگەیانەدا كە دەسەلاّتێكی داخراوو ڕۆشنبیرانێكی سوننەتی بێشومار دەبنە بیركەرەوەو داڕێژەری

# دونیای داخراو، دونیایەکە بێشومار پڕە لە ناعەدالەتیو بێ ئاگایی گەورە

راڤــەکردنی دونیــا، لــەنیگا داخراوەکــانی خۆیانــەوە دەبنــە بەرهەمهێنــەری دووبارەکردنــەوەی وێنــەکانی خۆیــان لەکەرنــەڤاڵو فیستیڤاڵو بۆنــەو موناســەبەی ســاختەو داگیرکردنــی ئــەو ئاستە ژیارییەو خاوەنداریّتیکردنی سەرلەبەری هەر روانینێك کە دەکەوێتە بازنــەی کەرنەڤاڵەکانیانــەوە. ئــەو جــۆرە لەرۆشــنبیر بێئەنــدازە لەهەوڵی جێگیرکردنــی کــەلاوە مەعریفییــەکانی خۆیدایــەو بــەردەوام خولیایەکی گەورە بۆ داگیرکردنو مۆنۆپــۆلکردنی هــزرو دونیابینیە جیاوازەکان لەگەڵیدا دەژیو کاردەکات بۆ بەرپاکردنی خەیاڵدانێکی بـچوك لەچوارچـێوەیەکی هــەژاری کەرنەڤاڵیدا کــە بەتاڵــە لەهــەر دونیابینیــەکی مــۆدێرنو ئــەکتیڤ، بــەلاّم لێوانلێــوە لــەکورتبینیو وێنــەی دووبــارەو ســواو و وێران لــەرووی ســایکۆلۆژیەوە، خاڵیــە لەهــەر فەلــسەفەیەك کــە هــەلگری گــۆڕانو قبــوڵکردنی جیــاوازیو بایەخدان بە فەرهەنگو روانینێکی کراوەتر بێت.

رۆشنبیری مۆدێرن، هێزێکە بۆ بەرهەمهێنانی جیاوازیو دۆزینــەوەی رووبەرێکی دیکەی بیرکردنەوەو روانین لە دەرەوەی ئــەو ترادسیۆنە داخــراوەی کۆمەڵگــەو ئایــدیۆلۆژیاو خەیاڵگــە نەریتیــەکان، ئــەو کاردەکات بۆ بەرپاکردنی فەلسەفەیەکی دیکەی روانیــن لــەدەرەوەی رامکــردنو مــاڵیکردنی ئینسان لەکایەیــەکی ئــاینیو ئایــدۆلۆژیو ترادسیۆنیدا.

فەرهەنگی باوی روانین لە کۆمەڵگــە داخراوەکانــدا، زادەی نەریتێکــە بــۆ بــچووککردنەوەی روانــینو خــەونو دونیــابینی، بــەلاّم ئــەرکی رۆشنبیر والاّکردنی دونیابینیو ئەو خەیاڵگەیەیە کە دەبێتــە دژێکی نادیاریکراو لەروانینو نــا پەیوەســت بــە هــەر خەیاڵگەیــەکی داخــراو. دونیابینی کراوە بەرهــەمی ناپەیوەســتبوونە بــە هــەر ترادسیۆنێکی داخراوەوە، بێئەندازە دەرەنجامی خەیاڵگەیەکە لەدەرەوەی دونیای بەهاو موقەدەساتە وەهمییەکانی کۆمەڵگەو کولتوری باوی روانین.

رۆشــنبیری نوێخــواز بەرامبــەر ئــەو دەســەلاّتە کاریزمیــەی کــە جیاوازیەکانو رووتبونەوەو شەفافیەت قبوڵناکات، تەنها راڤــەکردنی ئــەو بارودۆخــە راناگەیــەنێت، بــەڵکو کــار بــۆ گەلاّلــەکردنی هزرێکی رەخنــەیی دەکــات، تــا لەرێیــەوە ئــەو ســتراکتورە کۆنکرێتیــە هەڵوەشــێنێتەوە کــە وێنــەکانی دەســەلاّتو وێنــاکراوە وەهمــیو کاریزمیــەکانی لەســەر دامــەزراوەو تیایــدا بەرجەســتەبووە، ئــەو رۆشــنبیرەی خوازیــاری هــەڵکۆڵینو لەبەریەکهەڵوەشــانەوەی کلێشەسازییە وەهمییەکانی ئەو دەسەلاّتە کاریزمیەیە، دەبێت بەلای کەمــەوە ئاگــاداری بنــەماکانی رۆشــنگەریو مۆدێرنــەو پۆســت مۆدێرنەبێت، واتە دەبێت ئاگای لەو دەرەنجامەی مۆدێرنە بێت کە ئــالان تــۆرین پێمــان دەڵێــت:"نوێگــەری ئــەو جیهانــە پــیرۆزەی پارچەپارچەکرد، کەلەیەککاتدا خوداییو سروشتی بوو، شەفاف بوو بەرامبــەر بــە عــەقڵ، بــەلاّم جیهــانی ئــەقڵو جیهــانگیری شــوێنی نەگرتەوە، هاوکات کــاتێ نوێگــەری ویستە کۆتاییــەکانی بــۆ جیهان راگەیاند، مرۆڤ ناتوانێت پێیبگات، جیابوونەوە هاتە ئاراوە لــەنێوان خودی دابــەزیوو لەئاسمانــەوە بــۆ زەوی کــە روخسارێکی بــۆ خــۆی وەرگرتو لــەنێوان جیهــانی بابەتــەکان کــە تــەکنیکی کــات گەمــەی پێدەکات، نوێگەری، ئەو یەکبوونە جیهانییەی کە ئیرادەی خودایی دروســتیکردبوو داگیرو وێرانیکــردو خــوود جێــی گرتــەوە، لێــرەوە دەگەێنــە ســەر مرۆڤــی ئیرادەگــەر، کــە بەرهــەمی فەلــسەفەی مۆدێرنەیــە، لەنێتــشەوە تــا ئەوروکــە، ئــەو زاراوەیــە ناکەوێتــە نێــو کلێشەیەکی بەرجەستــەوە بــۆ راڤــەکردنو شوناسێکی نەخشە بــۆ کێــشراوی ســنوردار، ئەوروکــە باســکردن لــەمرۆڤی ئیرادەگــەر لــەم ســــەردەمە جەنجاڵــــەدا، کــــارێکی ســــەختە، لەبــــەر ئــــەوەی تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی دونیــای تــەکنۆلۆژیاو فەلــسەفەو جیهــانگیریو تێکــەڵاوبوونی کولتورەکــانو دەســــەلاّتی زانیاریــــە ژمارەییــــەکان ،وەك بونــــەوەرێکی شــــەفاف تاسەرئێــسك کاڵبوونەتــەوە. لەبەرئــەوە ناکرێــت لــەم بــوارە کەمــەدا باسی مرۆڤی ئیرادەگەر بکرێت، بەلاّم دەکرێت رۆشنبیری ئیرادەگــەر بخەینــە بــەرباسو راڤــەکاری جیــاوازەوە. ئێمــە کاتێــك بــاس لەرۆشــنبیرێك دەکــەین رەخنــەگرەو کــاری رەتکردنــەوەو داماڵینی دەســەلاّتە کــۆنکرێتیو دۆگماییــەکانی نــاو کۆمــەڵگاو فەرهــەنگی روانــینو هێــزە سەرســەختەکانی ســیستمی بیرکردنــەوەی ناوەنــدە هۆشــیارەکانی کۆمەڵگەیــە بەگــشتی، ئــەوە بــاس لەرۆشــنبیرێکی ئیرادەگەر دەکەین.

بــۆ ئــەوەی لــەدەرەوەی ئــەو دەســەلاّتە داخــراوەی کــە قبــوڵی جیاوازییەکانو رەخنەو پێشنیار ناکاتو بەداخراویەکانی خۆیەوە مامەڵە بە فەرهەنگو ئەو ئاستە ژیارییەوە دەکات، بۆئــەوەی قسە لەسەر ئەو فەزای گۆڕانو جیاوازیانە بکــەین، پێویستە بــەر لەهــەر شتێك باس لەدونیابینیەکانی نەوەیــەك بکــەین، دەبێت بگەڕێینــەوە

سەر روانینە داخراوەکان.

ترسی هەرە گەورەی روانینە داخراوەکانو فەلسەفە داخراوەکانو کلێشەسازییە نەریتییەکان، ترسە لەجیهانبینییەکانی دەرەوەی خۆیان، ترسە لەکرانەوەو ئازادییەکان، ئەو نیگەرانە بە هەڵوەشانەوەی رەهاکانو بنەماو بنچینە دۆگماکان، ئەو لەخەیاڵە لۆکاڵیەکەی خۆیدا، دونیایەکی دروستکردووە داخراوتر لەسنورە نەریتییەکانی ژیانی، ئەو رەعیەتێکی پێشخۆی داوە کە لەزەوییە بەپیتەکاندا نەبێت ناتوانن بژین، ئەو لەدەرەوەی ئەو زەوییانە، لەهیچ سەرزەمینێکی دیکەدا فرسەتەکانی ژیانو گوزەرانو

## رۆشنبیری مۆدێرن هێزێکە بۆ بەرهەمهێنانی جیاوازی و دۆزینەوەی رووبەرێکی دیکەی بیرکردنەوەو روانین، لەدەرەوەی ئەو ترادسیۆنە داخراوەی کۆمەڵگەو ئایدولۆژیا و خەیاڵگە نەریتیەکان

قسەکردنی لەئارادا نین، ئەو لەدەرەوەی روانینە داخراوەکانی لەهیچ مەودایەکی دیکەو رەهەندێکی دیکەدا قسەی خۆی نیە.

بەر لەهەر شتێك دەبێت ئەو ئاستی روانینە جیاوازە راڤەبکەین، کە جیهانبینیە" لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر تێڕوانینێکی بەختیار عەلی کە دەڵێ:" جیهانبینی قسەکەرێکی گەورەیە، قسەکەرێکی مێژوویی، بەهانە دەبەخشێتە سیستمێکی مەعریفی، چینێکی کۆمەڵایەتی، رەفتاری نەتەوەیەك، بەبێ جیهانبینی هەموو کایەکان، گوتارەکان، تیۆرەکان، بێ شوناس مێژووی خۆیان پیادە دەکەن، بەبێ جیهانبینی، چینەکانو نەتەوەکان، بەبێ شوناس، پراکتیکی مێژوویەکی ئاڵۆز ئەنجامدەدەن، مێژوویەك، بکەرەکەی لەناو تاریکی(بێ مانایی) خۆیدا دەژی، لەمەعمەعای شوناسی خۆیدا دەژی. بەبێ جیهانبینی مێژووی ئێمە دەبێتە رستێك رووداوی یەك لەدوای یەکی (بێ مانا). خوێندنەوەشمان بۆ مێژوو دەبێتە گێڕانەوەی مێژوو، گێڕانەوەی رووداوەکان، نەوەك گێڕانەوەی ماناو چەمكو بۆچوون، کەواتە جیهانبینی هەوڵێکە بۆ گەڵاڵەکردنی مانایەکو بەهایەکی جیاواز سەبارەت بە خۆمان، بیرکردنەوەیەکە لەدەرەوەی کلێشەسازییەکان بۆ ناوەوەی پێکهاتەکانو دواتر پەخشکردنی ئاراستەیەکی دیکەیە بۆ دەرەوەی خۆمان، لەکاتێکدا جیهانبینی ناچێتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی پێناسەو شوناسە نەریتیەکانی ئەو ستراکتۆرە داخراوانەوە. کاتێك دەووترێت جیهانبینی قسەکەرێکی گەورەیە، مانای ئەوەیە بەبێ جیهانبینی قسەیەکی جیاواز ناکرێ لەسەر کایەو ماناو پێکهاتە سادەو نامۆکانی ناو کۆمەڵگا، لەکاتێکدا هەموو قسەنەکردنێكو هەموو هیچ نەوتنێك رەتدەکاتەوە، هەموو بێدەنگییەكو سەرسامیەك قەرەباڵەغ دەکات، جیهانبینی دەتوانێت دیالۆگ لەنێوان دژەکانو جیاوازییەکاندا دروستبکات، ئەوەی کە رازی نیە بە سەرزەمینێکی دیاریکراوی هیچ نەوتن، ئەوە جیهانبینیە کە وێناکراوە دۆگماکان لەسەر شوناسو کۆمەڵگاو نەتەوەو پێکهاتەیەکی ژیاری دیاریدەکاتو شوناسێکی بەرجەستەکراوی پێدەبەخشێت، ئەوە جیهانبینیە منو تۆ دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەی گەورەوە لەبارەی خودی خۆمان وەك بونەوەرێکی شەفافی ئەم هەسارەیە، دەربارەی دیاردەو گۆڕانکارییەکان، دەربارەی ژیان لەدەرەوەی پانتاییە داخراوەکانی ئایدۆلۆژیاو ترادسیۆنی نەوەکانی پێشوو. بەڵام بەرامبەر جیهانبینی هێزێکی گەورەی دونیای داخراو لەئارادایە بۆ بچوکردنەوەی هەر روانینێکی جیاوازو فەرامۆشکردنی هەر خەیاڵێك لەدەرەوەی دوبارەبوونەوەکانی خۆیەوە.

هەڵبەت من لەزۆر نوسینو کۆڕو کۆبوونەوەدا ئەم قسەیەم دووبارە کردۆتەوە، ئێستاش دەیڵێم، لەکۆتاییدا لەرووی کردارییەوە دونیای داخراو دونیایەکە کە ژمارەی مزگەوتەکانی سەدان ئەوەندەی زانکۆو پەیمانگەکانو ناوەندە رۆشنبیریەکانێتی، ژمارەی کەرنەڤاڵو فیستیڤاڵە ساختەکانی هەزاران ئەوەندەی بلاوکراوە جدییەکانێتی، ژمارەی رێکخراوە حزبیەکانی سەدان ئەوەندەی رێکخراوە سەربەخۆکانێتی، بێشومار پڕە لەناعەدالەتیو پێئاگایی گەورە، کۆمەڵگەیەکە حزبو میلشیایان دەسەڵاتی رەهای دامەزراوە سیاسیو فەرهەنگیەکانی حزب بوونەتە بیرکەرەوەو داڕێژەری فەرهەنگی کۆمەڵگەو پەکخستنی ئەو ئاستە ژیارییەی کە کۆمەڵگەی پیادا تێدەپەڕێتو خولقاندنی هەژارییەکی گەورەی فەرهەنگیو رۆشنبیری.

جیهانبینی مۆدێرن کار لەسەر دوو ئاستی جیاواز دەکات، بەواتایەك بزوێنەری دوو ئاستی بیرکردنەوەیە، ئاستی یەکەم هەڵوەشاندنەوەی داخرانی کولتوریو فەرهەنگیە، ئاستی دووەمیش پەیوەندیە. دونیای داخراوی کۆمەڵگە داخراوەکان دونیایەکە بۆ بچوکردنەوەی ژیانو کولتورو هزرو فەرهەنگو پەیوەندیەکان، دونیای لۆکاڵ کاردەکات بۆ بچوکردنەوەی ئینسانو

بچوکردنەوەی خەونەکان، ئەو فەرهەنگەی لەپشتییەوە، کۆمەڵێك خەونی گەورە ئامادەگی نەبێت کۆمەڵگەیەکی بچوکە.

**بزاڤی خوێندکاران، بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو لە دابەزین دایە، ئەمە دەسەڵاتی گەندەڵی و ناشەفافیەتە یان دەسەڵاتی سەرکوتکەریە، کە خوێندکاری کورد نەتوانێت خۆپیشاندان و ناڕەزایی ئازادانە دەربڕێت؟**

**ئاسۆ جەبار:** دەسەڵاتی حزب لە کوردستاندا سەرباری ئەوەی لەڕووی مەعریفی و ڕۆشنبیری و شارستانیەوە لەجەهلێکی کوشندەدا دەژی و بێئەندازە هەژارە بە ڕوانین و دونیابینی مۆدێرن، بێئەندازە خاڵیە لەگۆڕان و پێشکەوتن و عەقڵیەتێکی نوێخوازیی فەرهەنگی و سیاسی و ئابووری، هاوکات دەزگا گەلێکی سەرکوتکارو وێرانکاریشن لەڕووی مەعریفی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و ژیاریەوە، دەسەڵاتی موتڵەقی حزب لەم کۆمەڵگەیەدا، هێندە دەسەڵاتێکی وێرانکارو کاولکارو داگیرکارە، کە بێشەرمانە سەرلەبەری سەرچاوە ئابووری و فەرهەنگی و سیاسیەکانی داگیرکردووە، هاوکات خۆی کردووە بە خاوەنی دەزگا ڕۆشنبیری و هونەری و پیشەیی و خوێندکاریەکان، بۆ نموونە لەسلێمانی حزب و کۆمەڵێك نووسەری دۆستی حزب دەزگایەکی ڕۆشنبیری دروستدەکەن بەناوی دەزگای سەوزەوە، دواتر پارتیش لەڕقا دەزگای زەرد لەهەولێر دروستدەکات، پارتی دەزگای زەردی تۆخ دروستدەکات، یەکێتیش لە ڕقا دەزگای زەیتونی دروستدەکات، حزبەکەی هەولێر هەڵدەستێت بە دروستکردنی دەیان دەزگاو ڕێکخراوی پیشەیی و خوێندکاری، حزبەکەی سلێمانیش دەیان ڕێکخراوو کۆمەڵەی گەنجان و خوێندکاران دروستدەکات، ئەمە بۆخۆی مەهزەلەیەکی ئەخلاقی و بەناو ڕۆشنبیری و فەرهەنگیە، لەڕاستیدا سەرجەم ڕێکخراوە خوێندکاری و لاوان و گەنجانەکانی حزبەکان کێشەی کوڕو کچێکی ئەم وڵاتەیان پێ چارەسەر ناکرێت و بەهەموویان ناتوانن یەك شوقەی بچکۆلە بۆ کچ و کوڕێکی عاشق بکڕن، توانای ئەوەیاننیە داوای ئازادی و مافە مەدەنیەکان بکەن بۆ گەنجان و خوێندکاران، بەڵکو بە هەموویان ناتوانن بڵێن نەخێر بۆ دەسەڵاتی موتڵەقی حزب و دەستتێوەردانی بەرپرسە مشەخۆرو جاهیلەکانی حزبەکانیان. سەرجەم ڕێکخراوو دەزگاو کۆمەڵە خوێندکاری و قوتابیانی حزبەکان کۆمەڵێك دوکانی بچوکی حزبەکانن بۆ چەواشەکردنی گەنج و تاڵانکردنی گیرفانی حزب و حکومەت و بەرپرسە بێئاگاکان. لەلای من ئەو ڕێکخراوانە کۆمەڵێك گروپی هەڵپەرکێ و هەلهەلەکێشن بۆ سەرکردەو حزب و سەیرانەکانیان.

دواجار ئەم ڕێکخراوانە بوونەتە بکوژی ڕوحی گۆڕانکاری و داهێنان و ناڕەزایی، هاوکات بوونەتە دەمڕاست و گوێڕایەڵ و سەربازو



فیداییەکانی حزب، بەڵام من بۆ خۆم گەشبینم بەوەی ئەوڕۆکە قوتابیان و فێرخوازانی دواناوەندی و زاکۆو پەیمانگەکان باوەڕیان بەو ڕێکخراوو دەزگا کارتۆنیانە نەماوەو هێدی هێدی هەست بەوە دەکەن کە سەرلەبەری ئەو ڕێکخراوانە، بێجگە لەدەزگاگەلێکی تایبەتی حزبی هیچیتر نین و زۆر بێدەسەڵات و بێدەنگ و ئیشنەکەرن، لەبەرئەوە ئەوڕۆکە گەنج بیر لە ئازادیەکانی خۆی دەکاتەوە، دەیەوێت شەڕبکات لەپێناو مافە مەدەنی و کولتوری و ئابوری و ئەخلاقیەکانی خۆیدا، هاوکات ناشیەوێت ببێت بە ئەندامێکی بێدەسەڵات و بێدەنگ و ڕامکراوی حزب و ڕێکخراوە کارتۆنیەکان.

**ڕۆشنبیران و خوێندکارانی کوردستان خەرەندێکی گەورە لەنێوانیان دا هەیە، بەڕای من نەیانتوانیوە گۆڕانێکی هاوبەش دروست بکەن، بەڕای تۆ هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ئاسۆ جەبار:** ئەو خەرەندە گەورەیە ناوەندێکی گەورەی بێدەنگی و بێ پەیوەندیە، هاوکات پانتایەکی بچوکی تێگەیشتنە لەیەکتری، بەڵکو قسەکردنە لەسەر مەترسیدارترین بێدەنگی کە بەرهەمی هاوتەریببوونی کۆمەڵگاو ڕۆشنبیرو دەسەڵاتە لەسەر ڕووەیەکی فلاتی قسەنەکردن و هیچ نەوتن و هیچ نەکردن و داخستنی دەروازەکانی گفتوگۆو دیالۆگو بەریەککەوتن، لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا شێوەیەك لە ڕۆشنبیری کۆنپارێزو نەریتپارێزو دۆگماپارێز هەیە، کە خوازیاری داخستنی زیاتری ئاستە ژیاری و مۆڕاڵی و کولتوریەکەی کۆمەڵگایە، خوازیاری شێوە پەیوەندیەکی بچوکە لەگەڵ دەسەڵات و حزب و کایە ستەمسازەکانی کۆمەڵگادا، خوازیاری هێشتنەوەو نوێکردنەوەی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانە، ئەو جۆرە لەڕۆشنبیریە، تاکە یەك حیکایەتی هەیە بۆ ئێستا، ئەو بەبێ سەروەریە زائیف و وەهمیەکانی خۆی نازێ، ئەو بەبێ خەلقکردنی پاڵەوانە فریادرەسەکەی دەسەڵات و نەوەکانی پێشوو فرسەتەکانی نوێبوونەوەی کەمترو کەمتردەبێتەوە.

لەم هاوکێشەیەوە دەگەینە کۆمەڵێك پرسیاری پێویست لەسەر ئاستی ئەو پەیوەندییە مەعریفی و ترادسیۆنیەی کە لەنێوان رۆشنبیرو دەسەڵاتدا لەئارادایە" ئایا رۆشنبیر تەنها ئەو بوونەوەرە هەزیلە نیە لەبەردەم دەسەڵاتو تەماحەکانیدا ؟ ئایا کۆمەڵگا بۆ غەرقکردنی تەواوی دەنگەکان لەخۆیدا هێزی خامۆشکردنو فشارە یەك لەدوایەکەکانی بەکارناهێنێت بۆ ونکردنی جیاوازییەکانو دەنگدانەوەکان؟ ئایا ئاستەکانی رۆشنبیر، تەنها بچوکبوونەوەیەکی پێوانەییە لەناو دەسەڵاتو کۆمەڵگای بەکاربەردا ؟ ئایا دەسەڵات ئەو دەریا بێئامانەیە کە رۆشنبیرانی تیادا غەرقدەبێتو ناگەڕێنەوە؟ ئایا وتەزاکانی دەسەڵات ئەو بەهەشتی ونەیە بۆ رۆشنبیر؟

هەموو دەسەڵاتێك هەڵقولاوی هەڵومەرجی کۆمەڵایەتیو کولتوریو ئاینیو مەعریفیو کۆمەڵگایە، بەرهەمی بەریەککەوتنی هێزەکانو ئاکامە جیاوازەکانە. لەبەرئەوە دەسەڵاتێك نیە لەدونیادا لەململانێی هێزە دیاریکراوەکانی ناو کۆمەڵگا هەڵنەقولابێت، دەسەڵاتێك نییە لەدونیادا لەخۆڕا خەڵقبووبێتو رێکەوتە سەیروسەمەرەکان دروستیان کردبێت، بەڵام دەسەڵات هەیە خۆی دەبێتە رێکەوتو لەقەدەری ئەو رێکەوتو ئەو دووبارکردنەوانەی خۆیدا دەمانژێنێت. بەهەرحاڵ بۆ وەڵامدانەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە دەبێت لەتاکە یەك دەروازەی روانینەوە، نەروانینە ئەو بەریەککەوتنو پەیوەندیانە، دەبێت بگەڕێینەوە سەر ستراکتۆری رۆشنبیر وەك بونەوەرێکی لەبەریەکهەڵوەشاو، کە پێوەرێکی دیاریکراو ناتوانێت ئاستە مەعریفیو هزریەکانی بپێوێت.

بەڵام پەیوەندیەکی تیۆریو فەرهەنگی هەیە لەنێوان رۆشنبیرە جیدیەکانو فێرخوازانی زانکۆو پەیمانگاکان، من لەو باوەڕەدام ئەم پەیوەندییە هێدی هێدی دەچێتە مەودایەکی کاریگەرترو پراکتیکیەوە، هاوکات چەند رۆشنبیران پەرتەوازەو لەرووی جوگرافیەوە دوورن لەیەکتری، بۆ نموونە هەریەکەمان لەشارو وڵاتێکی جیاوازین، هاوکات خودی فێرخوازانیش پەرتەوازەو یەکانگیر نین، بەڵام من بۆخۆم خوازیارم پەیوەندیەکی مەعریفیو رۆشنبیری قوڵ هەبێت لەنێوان فێرخوازانی زانکۆو پەیمانگاکانو رۆشنبیراندا.

**بەبەڵگە سەلمێندراوە ئەوەندەی زانکۆکانی کوردستان توندوتیژییان بەرهەمهێناوە، ئەوەندە نەوەیەکی پێشکەوتووخوازی بەرهەم نەهێناوە، یان تاکی تیرۆریستی دروستکردووە، کە زۆربەی ئەو قاعیدە تیرۆریەی پەیدابوون لە دوای راپەرین سەرکردەکانیان هەمووی دەرچووی زانکۆکانی کوردستان بوون، بەڕای تۆ کێ لەمە بەرپرسیارە تاك خۆیی و زانستی زانکۆکەی یان پرۆگرامی خوێندنی، یان دەورووبەری و دەسەڵاتی بەڕێوەبەردنی زانکۆکانی کوردستان؟**

## زانکۆکان و ناوەندەکانی خوێندن هێندەی دەزگا گەلێکن بۆ بەتاڵکردنەوەو خاڵیکردنەوەی گەنج لەمەعریفەت و زانست، هێندە ناوەندێك نیین بۆ دروستکردنی روانین و بیرکردنەوەو زانست

**ئاسۆ جەبار:** ئێمە تا ئەو کاتەی بەرامبەر دونیای نەریتپارێزیو ئەخلاقپارێزیو هەزری کۆنپارێزی رەخنەیەکی جدی لەخۆمان نەگرین و سەرجەم ئەو کەناڵە نەریتپارێزیانە هەڵنەوەشێنینەوە ناتوانین لەدونیای مۆدێرنو گۆڕانکاریو جیهانگیریو ئەو گوندە گەورەیەی کە بەرهەمهێنەری پەیوەندیەکی گەورەی شارستانیە تێبگەین، ئێمە ئەگەر بەو ماڵە فەقیرەی خۆمان رازیبینو دەرگاکان لەپێشکەوتنو هەزری نوێ دابخەین، هەرگیز ناتوانین خەیاڵێکی دیکەمان هەبێت بۆ پێشکەوتن، دونیابینیەکی دیکەمان هەبێت بۆ دروستکردنی گفتوگۆ، سەرزەمینێکی دیکەمان هەبێت بۆ قبوڵکردنی جیاوازی، روانینێکی دیکەمان هەبێت بۆ بەخێوکردنی گۆڕانکاریو دروستکردنی پەیوەندیەکی شارستانی، هەڵبەت ئەوەی ئێستاکە دەگوزەرێ لەدونیای پەروەردەو فێرکاری ئێمەدا، خەیاڵێکی دیکتاتۆرو داگیرکاری کولتوری لەپشتەوە ئامادەیە، خوازیا ئەو داگیرکاریە کولتوریە داگیرکاریەکی فەرهەنگی نوێ بوایە بۆ ئێمە، بەڵام داگیرکاریەکی کۆنپارێزانەو نەریتپارێزانەیە، کە خەیاڵکۆژو ئارەزووکوژە، بەئەندازەیەك ئەوەی دەکەوێتە ئارەزووە سادیستیەکەیەوە پتر دەچەپێنرێو جیاوازیەکانی خەفەدەکرێت. خەفەکردن لەم سیستمەدا، میکانیزمێکی عەسکەرتاریانەیەو هیچی تر، لەم وڵاتەدا سەرباری ئەوەی مەنهەجی خوێندن زۆر کۆنو رزیوە، کەرەستەو شێوازەکانیشی هیچی کەمتر نیە لەکەرەستەو شێوازی بەندیخانەکان، کەم نەبوون ئەو قوتابیانەی بەدەستی دەستەیەك لەمامۆستای خراپ کە خەریکبوو ناوی مامۆستاشیان دەگۆڕی بە جەلاد تێهەڵدەدرانو ریسوادەکرانو سوکوسەلیم دەکران، کەمنەبوون ئەو قوتابیە نەگبەتانەی لەتاو مامۆستایەکی خراپو مەنهەجی خراپ خۆیان دەکوشت، (من مەبەستم هەموو مامۆستایان نیە، بەڵکو مەبەستم هەموو یەکێکە کە روحیەتێکی

ديكتاتۆريانەو هەمەجيانەى هەيە لە مامەڵەكردندا لەگەڵ ئەوانى ديكەدا)، ليشاويك تەلەبەى راسب لەم وڵاتەدا هەيە، كە تامەزرۆى خويندن بوون، بەڵام لەبەرئەو مەنهەجە سەقەتەى خويندن لەم كەلاوەيەدا ناتوانن بخوينن، بەمەش ليشاويك لەنەخويندەوار بە پيوەرى ئەو مەنهەجە سەقەتە لەم وڵاتەدا هەن و ئامادەگيان نيە، بوونيان هەيەو تامەزرۆى پيشكەوتن و گەردوونگەراى گۆڕانكاريەكانن و كەوتوونەتە دەرەوەى دونياى خويندن و فيربوون.

ئيمە چۆن دەتوانين هاوسەنگيەك دروستبكەين لەگەڵ ئەو مەنهەجە مۆديرنەى خويندن كە لەدونيادا هەيەو ئەو مەنهەجە ناشرينەى خۆشمان، هاوسەنگى لەنيوان دوو شتى نزيك لەيەكدى دروستدەكريت، ئەو مەنهەجەى ئيمە كارى لەسەر دەكەين نەفەسى هاوسەنگى و بەراوردكارى نەهيشتۆتەوە، تا لەرييەوە كەميك بەخۆماندا بچينەوەو بريك لەئايندەمان بكەينەوە. ئيمە كاتيك دەتوانين سيستمى پەروەردە بگۆڕين كە گوێ لەيەكتر بگرين نەوەك گويمان پڕبكەين لەخوڵى تيگەيشتن و هەر قسەى زل بكەين، ئيمە دەبيت سوود لەسيستمى پەروەردەيى وڵاتانى ئەسكەندەنافياو ئەورووپا وەربگرين، دەبيت داوا لەپسپۆڕە تيگەيشتووەكانى ئەوان بكەين و گفتوگۆ دروستبكەين، نەوەك خۆمان بە زاناو عاليم خوا بزانين، هەنديك بەناو پرۆفيسۆرو پسپۆر لەم وڵاتەدا خۆى بە نيردراوى خوا دەزانێ و نايەويت قبوڵى ناكات كەس قسە لەقسەيدا بكات، ئەمەش نەخۆشيەكى كوشندەيە، پيويستە هەنگاوى زۆر كردارى بنريت بۆ گۆڕينى سيستمى خويندن.

گەورەترين نەگبەتى لەم وڵاتەدا لەويوە سەرچاوە دەگريت كە هەموومان بينيمان تا سەدامى ديكتاتۆر لەسەر حوكمى وڵات بوو كەس نەيدەويرا رەسمەكەى لەلاپەڕەى يەكەمى كتيبى منداڵەكانمان ليبكاتەوە، ئا ئەمە حكومەتو پەرلەمان و وەزارەتى پەروەردەكەى منو تۆيە، من چاوەڕوانى ئايندەيەكى باش ناكەم، ئەگەر بەشيوەيەكى بيروكراتيانەو لەريى ئەم وەزارەتە شەقوشڕانەى ئيمەوە سيستمى پەروەردە بگۆڕدريت.

هاوكات ئەم سيستمە كۆمەڵايەتيە داخراوەى ئيمە كە لەرووى كولتورى و سياسى و ئابورى و پەيوەنديەوە داخراوە، لەتواناياندا نييە لەدونياى نوێ تيبگات و كارى لەسەر بكات، ئامادەگى بۆ گۆڕان و گەردونگەراى پيشكەوتن سەد ئەوەندەى خودى گۆڕانكاريەكان گرنگن. بەڵام ئەوەى لەكوردستاندا دەگوزەريت سەدوهەشتا پلەى فەرقە لەگەڵ ئەوەى لەوڵاتە پيشكەوتووەكاندا دەگوزەريت. لەبەرئەوەى هيچ نەبيت دەمارگيرى فەرهەنگى و حزبى و عەشايرى تيادا نيەو رۆشنبيرەكانى بە ئاراستەيەكى كراوەدا بيردەكەنەوەو جياوازيەكان قبوڵدەكەن. بەڵام قوربەسەرى ئيمە لەدەسەڵاتى

## ئيمە دەبيت سوود لە سيستمى پەروەردەيى وڵاتانى ئەسكەندەنافيا و ئەورووپا وەربگرين ، دەبيت داوا لەپسپۆڕە تيگەيشتووەكانى ئەوان بكەين و گفتوگۆ دروستبكەين

بيئاگايى حزبەكانەوە دەستپيدەكات كە تاسەرئيسك باوەڕيان هەيە بە نەريتپاريزى و خۆ دەوڵەمەندكردن و گوينەگرتن لەهەموو جياوازيەك، بۆ نەگبەتيش دەسەڵاتى بڕيارداناو ياسادانان هەر لەلاى خۆيانە.

لەبەرئەوە زانكۆو پەيمانگەكان لەكوردستاندا هيندەى ماشينيكن بۆ بەرهەمهينانى سوپايەك گەنجى فەرمانبەرو مووچەخۆر، هيندە بەرهەمهينەرى مرۆڤيكى ئەكتيڤ و كاريگەر نين، هيندەى بەرهەمهينەرى ليشاويك بڕوانامەى بەتاڵن لە خويندنى ئەكاديمى و مۆديرن و هيندەش بەرهەمهينەرى خۆشباوەڕيەكى گەورەن، بۆ دروستكردنى دونيايەك ساختەى نائەكاديمى و نازانستى، لەبەرئەوە لەم مەمزەلە ساختەكاريە گەورەيەدا كە لەكەلاوە خراپترە، تەنها فيرخوازان دەبنە زەرەرمەندى يەكەم، كە زەرەريكى گەورەى روحى و فەرهەنگى و ئەكاديمى دەكەن. دواجار هەموو يەكيك لە ئيمە سەربارى نارەزاييمان بەرامبەر كۆمەڵگەو دەسەڵات، بە تورەيى و بيتاقەتيەكى گەورەوە خويندن تەواو دەكەين و بە بيدەنگيەكى گەورەشەوە دەبين بە كۆمەڵە موچەخۆريكى زەليل لەبەردەم ژيان و گۆڕانكارى و دونياى مۆديرندا. پرۆژەى خويندن لەم كەلاوەيەدا هيندەى پرۆژەيەكە بۆ زەليلكردنى نەوەى نوێ و دەستەمۆكردنى مرۆڤ، هيندە پرۆژەيەك نيە بۆ جوانكردنى هزرو روانين، هاوكات زانكۆكان و ناوەندەكانى خويندن هيندەى دەزگاگەليكن بۆ بەتاڵكردنەوەو خاڵيكردنەوەى گەنج لەمەعريفەو زانست، هيندە ناوەنديك نين بۆ دروستكردنى روانين و بيركردنەوەو زانست، هيندەى دەزگاگەليكن بۆ كوشتنى ئەكاديميەت و بيركردنەوەى مۆديرن، هيندەش رووبەريكى گەورەن بۆ ئيفليجكردنى عەقڵ و دونيابينى.